# هەرکەسێک زانست وەربگرێت لە ئەستێرەکانەوە ئەوا بەشێک لە سیحری وەرگرتووە، هەرچەندێک زیاتر (فێر بێت) ئەوا (سیحری) زیاتر وەردەگرێت

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«هەرکەسێک زانست وەربگرێت لە ئەستێرەکانەوە ئەوا بەشێک لە سیحری وەرگرتووە، هەرچەندێک زیاتر (فێر بێت) ئەوا (سیحری) زیاتر وەردەگرێت».
[صەحیحە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە هەرکەسێک زانستی ئەستێرەناسی وئەستێرەکان -بورجەکان- فێر بێت وئاماژە بۆ جوڵە وهاتن وچوونیان بکات لەسەر ڕووداوەکانی سەر زەوی لە مردن وژیان ونەخۆشی وحاڵی فڵان یان هاوشێوەی ئەمانە لەو شتانەی لەداهاتوودا ڕوودەدەن، ئەوا شتێک لە سیحرکردن فێربووە، وهەتاوەکو زیاتر فێری ئەم زانستە بێت ئەوا زیاتر فێری سیحرکردن بووە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5989

النجـاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee